# بەسەرکردنەوەی پەرتوکخانەیەک لە دوایین خاڵی سنورەکانەوە

خۆزیـــای مـــرۆڤ بـــۆ دەوڵەمەندبوون یەکێکە لە غەریزە هەرە پێشەکیەکانی مرۆڤ، کاتی مـرۆڤیش لـە هـەمـوو خۆزگـە و هیواکانی تێر دەبێت یان پێیان ناگات ئـەوا دەخوازێـت رابمێنـی لـە حەسرەتەکانی خۆی لە بیر و هزرە شاراوە و کپ بـووەکانی، هـەوڵ دەدات بـە کوچـە و کۆڵانـەکـانی هەست و نەستیدا تروسکایی زانین بدۆزێتەوە، زانین و ناسینی خود بۆ دەوڵەمەندبوونی خەزێنەی هۆش و بیر، (وریا وەسانی) لە دوورترین خـاڵی سـنوری ئـەم وڵاتـە ئـەم خـەزێنـەی جوانـەی پێکهێنـاوە بـە دروستکردنی پـەرتووکخانـەیـەکی خنجیلانـە، سـەردانێکی دۆڵـی وەسـانانمان کـرد و لـە نزیکـەوە سەردانی پەرتووکخانەکەمان کرد و لە دەرفەتێکدا توانیمان ئەم چەند پرسیارانەی لێبکەین و وەڵامەکانیش بۆ ئێوە بەجێ دەهێڵین:

**پرسیار: سەرەتای بیرۆکەی دروست بوونی ئەم پەرتوکخانەیە چی بوو، بۆچی دەگەڕێتەوە.. ؟**

وەڵام: دیارە بێ گومان ناوچەی باڵەکایەتی بەتایبەت دۆڵی باڵەیان پێشتر لـە خـەبـاتی تێکۆشـانی نـەتـەوایـەتیـدا هـەم لـە شۆڕشـی ئەیلولەوە تا سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە دەرکەوتنی بزوتنەوە سیاسیەکان پێشوازیەکی گەرمی لەو بزوتنـەوە سیاسیانە کردوە، بەڵام کە بینیمان باڵەکایەتی لە سەنگەری پێشەوەی هـەمـوو ئـەو بزوتنـەوانـە بـووەو ئێستاش لـە دواوەی هـەمـوو ئـەو ناوچانەیە کە بەقەد ئەلف و بێیەک ئەزیەت ئازاریان نەبینیوە، ئیتر بیرو بۆچونی ئێمـەی گـەنجان وامـان بـە بـاش زانـی ئـەو بۆشـایە گـەورەی رۆشـنبیریەی لـە ناوچـەکـە هـەیـە، بەهۆی نەبونی ناوەندێک بۆ توێژی گەنجان بە هۆی نەبوونی شوێنێکی بیرکردنـەوە شـوێنێکی خوێندنـەوە شوێنێک کە گەنجەکە بەخۆی هەست بکا کە بیرو بۆچونێکی تایبەتی خۆی هـەبێت ئێمـەی والێکرد کـە ئـەم پەرتووک خانەیە دروست بکەین.

**پرسیار: رێژەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە چەندە و چەند گوند لێیە.. ؟**

وەڵام: دیارە پەرتوکخانەی ئێمە بـەنـاوی پـەرتوکخانـەی گـشتی باڵەییانە، بەڵام لە چۆمانیشەوە کە قەزایە لـە قەسرێش کە ناحیەیە سـەردانـی ئـەم پـەرتوکخانـەیـە دەکرێت، تەنانەت لە سۆرانیشەوە خـەڵک هـاتووە لـەم پەرتوکخانـەیە راپـۆرتی ئامـادە کـردوە. دۆڵـی باڵەییان لە چواردە گوند پێک دێت هەرگوندەو ژمارەیەک ماڵی لێیە، بۆ نمونـە گونـد هـەیـە 90مـاڵی لێیـە گوندیش هەیە 3 تا 4 ماڵی لێیە.

**پرسیار: پەرتوکخانەکە چەند کتێبی تێدایە.. ؟**

وەڵام: پەرتوکخانەکە زیاتر لە 3500 پەرتوکی تێدایە.

**پرسیار: کۆسپ و لەمپەرەکانی بـەردەم دروسـت بـوونی ئـەم پـەرتوکخانـەیـە چـی بـوون و هەروەها ئێستاش چین.. ؟**

وەڵام: دیـارە سـەرەتـا کـە ویـستمان ئـەم پـەرتوکخانـەیـە بکەینـەوە کۆمـەڵێک رێگریمان بۆ دروست بوو، بەتایبەت دام و دەزگا حکومیەکانی ئەم ناوچەیە و حزبی دەسـتەڵاتـدار لـەم ناوچـەیـە رێگـر بـوون لـەبـەردەم کردنـەوەی پـەرتوکخانـەیـەکی گـشتی لـەم ناوچـەیـە، بـەڵام هیـواو ئاواتـەکانی ئێمە زۆر گەورەتربوون.

**پرسیار: بـۆچی ئـەمانـە رێگـر بـوون لـە دروسـت کردنـی ئـەم پەرتوکخانەیە.. ؟**

وەڵام: وەک بڵێیت ئـەوان شـتی جوانیـان لـەم ناوچـەیـە نـەکردبوو بۆیـەش نـەیاندەویست خـەڵکی تر شتی جوان لەم ناوچەیە بکات.

**پرسیار: هاوکاری لە حزبەکان و حکومەت وەردەگرن. ؟**

وەڵام: هاوکاری تارادەیەک بـەڵێ لـە حکومـەت نـا، بـەڵام لـە حزبی دەسـتەڵاتدار وەردەگـرین ئـەویش وەکو دیاریەک بۆ ئێمەیان ناردوە نەوەک ئێمە داوا بکەین.

**پرسیار: کێن ئەوانەی لە رووی مەعنەوەیەوە هاوکاریان کردویت بـەتایبـەت لـە رووی بـەخشینی کتێب.. ؟**

وەڵام: تاکـە کـەس کـە زۆر یارمـەتـی و هاوکـاری ئێمـە بـووە بەرێز کاک (هەڵگورد) بەرێوەبەری گـشتی راگـەیانـدن لـە وەزارەتـی رۆشـنبیری، کـاک ئـارێز، عـەدالـەت عومـەر، مهاباد قـەرەداغـی، ئـەوانـە کۆمـەڵێـک بـوون هاوکـاری ئێمـە بوون.

**پرسیار: بیستمان ماوەیەک بـەرپرسی شـارەوانی هـەرێمـی میدیا بوویت ئەمە تا چەند یەک دەگرێتـەوە لـەگـەڵ خولقانـدنی کـەشـێکی مـەعریفیانـە و رۆشنبیریانە لە دەڤەرەکە. ؟**

وەڵام: دیـارە مـن هێشتا هـەمـان بـەرپـرسـم و سـەرۆکـی شـارەوانـی قەندیلم حەزیشم نەکردوە لە ژیانی خۆم دوو پۆست وەربگرم، بەڵام بۆ شارەوانیەکە بە هـەڵبژاردن بوو لە لایـەن 57 ئـەنجومـەنـەوە مـن هـەڵبژێـردرام وەک سـەرۆکـی شـارەوانـی، بۆیـە زۆر لام ئاسـانە خزمەت کردن و خوێندنەوە خزمەت کردن و مـەعریفـەت بـەیـەکەوە وام لێـدەکـات پتـر ئـیش و کـارەکـانم رابپەرێنم.

**پرسیار: تاچـەنـد بـە دروسـت کردنـی ئـەم پـەرتوکخانـەیـە سـوودمـەنـد بوویـت لـە رووی ماددیەوە ئایا هیچ مووچەیەکت لە لایەن حزبێک یان حکومەتەوە هەیە. ؟**

وەڵام: وەکو شـەخسـی تا ئێستا هـیچ موچـەیـەکـم نیـە لـەرووی ماددیشەوە من بوومـەتـە قوربـانی ئەوەی کە تەنانەت موچەکەی خۆشم لەسـەر ئـەم پەرتوکخانـەیە داناوە، بـەڵام یـەک پـەرتووک بـەهـەمـوو مووچەکانی خۆم ناگۆرمەوە.

**پرسیار: ئایا پەرتووکخانە هیچ مووچەیەکی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە هەیە. ؟**

وەڵام: تا ئێستا نەخێر هەروەها حکومەتی هەرێم حەزی کردوە ئێمە بچینە سەر بەرێوەبەرایەتی گشتی پەرتووکخانەکان، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێرە گوندە و تا ئێستا پەرتووکخانە لـە ناحیـەو قـەزاکـان نییـە، بۆیـە نەیانتوانیوە بە فەرمی پێشوازی لە ئێمـە بکـەن، ئێمـەش داوامـان نـەکـردوە بچینـە سـەر حکومـەتـی هـەرێـم چونکـە بـەم شـێوە سەربەخۆترو ئازاد ترین.

**پرســیار: تاچـەنـد لـە دەڤـەرەکـەتـان بایـەخ بـە خوێندنەوەو پەرتووک دەدرێت. ؟**

وەڵام: سـەرەتـا کـە ویـستمان پـەرتووکخانـەیەکی لـەم شێوەیە دروسـت بکـەیـن، خـەڵـک کـەم سـەردانـی دەکـردین و کـەم دەیانخوێنـدەوە، بـەڵام ئێـستا وای لێهاتووە خـەڵکی وامـان هـەیـە لـە




ماوەی مانگێکدا دوو سێ پەرتووک دەخوێنێتـەوەو رۆژانـە زیاتر لـە 25 کەس سەردانی ئـەم پەرتوکخانـەیە دەکـەن و هـەموو خوێندکارانی ئـەم ناوچـەیـە راپـۆرتی خۆیـان لـەم پەرتووکخانەیە ئامادە دەکەن.

**پرسیار: شێوازێکتان هـەیە بۆ هاندانی خـەڵکی تـا پـەرتووک بخوێنێتەوە. ؟**

وەڵام: بێگومان پێشبرکێمان هەیە بـۆ نموونـە: گـروپ گـروپ ئامـادە دەکەین هەر گروپەو پەرتوکەکی پێ دەدەین پاش هەفتەیەک لێپرسینەوە لـەگـەڵی دەکـەیـن کـە چـی لـەم پەرتووکە فێربووە.

**پرسیار: کارو چالاکیەکانتان چی بوونە چ بەرنامەیەکتان لەبەر دەست دایە بۆ دوارۆژ.. ؟**

وەڵام: ئەگەر سـەرەتا باس لـەو چالاکیانە بکەم کە پێشتر ئەنجاممان دابـوون، پـەرتووکخانـەی گـشتی باڵـەیـان تـەنیـا خوێندنـەوەی پەرتووکەکان نیە تەنیا رۆچون نیە بـەنـاو پـەرتووکـە فـەلـەسـەفی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، لەبەر ئەوەی ناوەندێکی تری رۆشنبیری نیە لەم ناوچەیە، بۆیە ئێمە هەوڵمان داوە هـەمـوو بۆشـایەکـان پـڕ بکـەینـەوە. بۆ نموونـە: ئێمـە خولی وەرزشیمان بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە کردۆتـــــەوە، هونـــــەری وتارخوێندنەوەومان کردۆتەوە خول و پێـشبرکێی خوێندنـەوە، خـولی شێوەکاری بۆ منداڵان، هـەروەهـا خولی کۆمپیوتـەر، چاندنی نـەمـام، پاراستنی ژینگە، خولی رۆژنامەوانی. ئەو چالاکیانەی لە بەرنامەی ئێمەدان لـە داهـاتوودا بـریتین: لـە بـەهێـز کردنـی بیـرو بۆچـوونی گـەنجـانی ناوچـەکـە، دەمانـەوێـت کۆمـەڵـە گـەنجانێک پـەروەردە بکـەیـن لـە ناوچەکەمان کە ئاستی رۆشنبیریان ئـەوەنـدە بـەرز بێـت چـۆن پێشمەرگەکانی ئەم ناوچەیە قارەمان بوون، ئەوانیش ئێستا رۆشنبیریانە شارەزایانە لـە جیهـانی ئـەمرۆدا شـارەزابـن لـە تـە کنـەلۆژیاکـانی سەردەم لە گلۆبالیزم لە جیهانگیری شارەزابن لە هـەموو بوارەکـانی ژیان. سەرتای دروست کردنی ئـەم پەرتووکخانـەیە کـەس نـەیدەزانـی کۆمپیوتـەر بـەکـار بهێنێـت، بـەڵام ئێستا زیاتر لە 100 کەس لە رێگای خولـەکـانی کۆمپیوتـەر فێـری بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بووە.

**پرسیار: ئایا ئەو چالاکیانەی دەتەوێت ئەنجامی بدەیت یان ئـەنجامـت داون سـەرمایـەی پێویست نیە.. ؟**

وەڵام: بەڵێ زۆر جار گەڕاوین تا پارەی چالاکیەکانمان دەستکەوتووە، زۆر جـاریش خۆمـان لـە گیرفـانی خۆمان خەرجمان کردوە، هەڵبەتە هـەمـوو چالاکیـەک پێویـستی بـە سەرمایە هەیە بۆ راپەڕاندنی، بەڵام لەبەر ئەوەی ورە هەیە لەبەر ئەوەی حەزو خولیا هەیە، بۆیە مادە رێگر نەبووە لەبەردەم چالاکیەکانی ئێمە.

**پرسیار: ئامانج لە دانانی ئەم پەرتووکخانەیە چیە؟**

وەڵام: سەرەتا باسی ئەوەم کرد بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشـایە رۆشنبیریەی لە ناوچەکە هەیە و کە بەهۆی نەبوونی ناوەندێک بۆ توێژی گەنجان.

**پرسیار: تائێستا وەکو خودی خـۆت چـەنـد پـەرتووکـت خوێندوتەوە. ؟**

وەڵام: هـەژمـاری ئـەو کتێبانـە ناکرێت کە خوێندومەتەوە.

**پرسـیار: کتێـب هـەیـە لـە پـەرتووکخانـەکـەت نـەخوێندرابێتـەوە لـەلایـەن خەڵکەوە. ؟**

وەڵام: بێگومان بەڵێ.

**پرسیار: کە هاتینە ئێرە دوو شتی جوانمان بەدی کرد، یەکیان پاک و خاوێنی ئێرە ئەوەی تر جل و بەرگی کوردی تۆ بوو، دەتەوێت بـەم دوو شـتە جوانـەت چ بـە رۆشـنبیری کـوردو هاوڵاتیـانی ناوچەکە بڵێیت. ؟**

وەڵام: مـام هـەژار دەڵێت: (بـە کوردی ئـەژیم بـەکوردی ئـەمرم بـەکـوردی ئـەدەم وەڵامـی قـەبرم) بـەردەوام ئـەو شـعرە لـە گوێمـدا دەزرینگێتـەوە، هـەمـوو شـتێکم بـۆ کـوردە، حـەز دەکـەم میللـەتـەکـەم بەرەو هۆشیاریەک هەنگاو بنێ وەک ئەو وڵاتانەی تر کە تاکەکانیان تێدا رۆشـنبیرو هۆشـیارن، جلـی کـوردی شـتی تـرم بیردەخاتـەوە کـە پێشتر قانعمان هەبووە، مەحویمان هەبووە، مـام هـێمن هـەژار موکریـانی عبدالکریمی مودەریس مەلا محمەدی کۆیە ئەوانە بیرمەندی گەورە، بوونە ئەوانە وایان لێکردوم جلی کوردی لـەبـەر بکـەم ئـەگـەر لـەبـەر خـاتر ئەوانیش بێت.

**پرسیار: سەرچاوە ماددیەکانتان لە کوێ دەست دەکەوێت. ؟**

وەڵام: هـەنـدێک جـار رێکخـراوە مەدەنیەکان، هـەنـدێک جار لـە دەزگا حزبیـەکـان، هـەنـدێک جـاریش لـە دەزگا حکومیەکان.

**پرسیار: دەتـەوێت لـە رێگـەی بڵاوکـراوەکـانی ئێمـەوە چـی بـە حکومەت بڵێیت. ؟**

وەڵام: لـە رێگـەی ئێـوەوە بـە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێم کـە ئـەرکـی وەزارەتـی رۆشـنبیریە پـەرتووکخانـە لـە هـەمـوو قـەزاو ناحیـەکـان بکاتـەوە، ئـەوەتـا ئێمـە پەرتوکخانەیەکمان لە گوندێکی دورە دەستی شارۆچکەکان کردۆتەوە، کە گـونـدێکی وەسـانی بنـاری قـەندیلـە، بـەڵام دەپرسم ئایا ئەرکی وەزارەتـی رۆشـــنبیری تـــەنهـا کردنـــەوەی پەرتوکخانەکانە لە شارە گەورەکان یان دەبێـت لـە ناحیـەو قـەزاکـانیش بکاتـەوە، یان ئایا ئەرکی وەزارەتـی رۆشنبیری نیە بەهانای ئەو کەسانە بێت کە حـەز بـە خوێندنـەوە دەکـەن، ئێمـە لێـرە پـەرتوکخانـەمـان هـەیـە کۆمپیوتەرمان هەیە خانوومان هـەیـە زۆر جـار داوای هاوکـاری دەکـەیـن تەنها خەرجی چالاکیەکانمان بکەن.

**پرسیار: چەند کەس لەناو ئەم پـەرتوکخانـەیـە کـاردەکـەن و شێوازی کارکردنیان چۆنە. ؟**

وەڵام: دیارە سـەرەتا ئێمـە دوو کـەس بـووین بیرمـان لـە دروسـت کردنی ئەم کتێبخانەیە کردەوە من و بـەرێز کاک شـوان، شوان وەسانی ئێستا رۆژنامەنووسە کە دواتریش دوو کەسی تر هاتن بە ناوی کاک دلـشاد و کـاک کـارۆخ، ئێـستا برادەرەکی ترمان لـەگەڵە کە ئـەو ئێـستا لـەسـەر پـەرتووکخانـەکـە دادەنیشێ ناوی کاک ئارامە ئێستا ئەو لە هـەمووما ن ماندوو ترە لە هەمووما ن چالاکترە، بەڵام سەرەتای دروسـت بـوون ئێمـە ئـەو چـوارەی باسـم کـرد دروسـتمان کـرد، بـۆ بـەرێـوە بـردن ئێـستا ئێمـە دوو کـەسین هـەنـدێک جار دەبنـە سـێ، بەڵام بەردەوام دوو کەسین.

**پرسیار: ئایا حزبەکان دەست لە کاروبارتان وەردەدەن. ؟**

وەڵام: زۆرجـار هـەوڵ دەدەن دەست بخـەنـە نـاو کـارو بارمانـەوە تـەنانـەت ویـستیتیان لـە کـاتی ئـەنجامـدانی چالاکیـەکانمـان هـەوڵیانـداوە بـۆ خۆیـان ئیستغلالی بکـەن، تـەنانـەت ویـستیتیان لـە کەناڵەکانی خۆشیان هەوڵیان داوە چالاکیـەکان بکـەن بـە هـی خۆیـان، بەڵام ئێمە زۆر دڵنیامان کردونەتەوە کە پەرتووکخانە هی هەموو کەس و لایـەنێکـە نـەوەک حـزب و دەستەڵاتێکی دیاری کراو.

**پرسـیار: ناوچـەی هـەرێمـی میدیا چۆن هەڵدەسەنگێنی کە دەسـتـەڵاتیـان لـە سـنوری دەڤەرەکەی تۆ دایە.. ؟**

وەڵام: زۆر دڵخۆشم بەوەی کە (pkk) لـەو ناوچـەیەدا هـەیە، ئێمـە لەژێر دەستەڵاتی ئەواندانین، ئەمن و ئاسایشێکی یەکجار زۆر بەرقەرارە و رێگـر نـەبوونـە لـە ئـەنجامـدانی پرۆژەو داواکاری و داخوازیـەکانی خەڵکی ئەم ناوچەیە، هەتا لە رووی مەعریفیش سەرەتا رێگر بوون لە دروست کردنی ئەم پەرتووکخانەیە، بـەڵام دواتـر کـە زانیـان هـیچ بۆچوونێکی سیاسی لە پشتەوە نیە پێشوازیان لێکردو کتێبیشیان پێکەش کردین.

**پرسـیار: هاوکـاری ماددیتـان دەکەن. ؟**

وەڵام: نـەخێـر، بـەڵام لـەرووی کتێبەوە زۆر هاوکارمانن.

**پرســیار: پێـشنیارێک یـان داواکاریـەکت هـەیـە لە رێگـەی بڵاوکـراوەکـانی ئێمـەوە بـە رۆشنبیرانی بگەینی.. ؟**

وەڵام: بێگومـان رۆشـنبیران بـوون وایـان لـە ئێمـە کـرد، ئـەم پـەرتووکخانـەیـە دروست بکـەیـن (مەسعود محەمەد) بوو وای لەمن کرد بـەنێو کتێبـەکانی شـۆڕببمەوە خـوارێ عـەلـی وەردی نوسـەری عێراقـی بـوو وای لـەمـن کـرد ئـەم پەرتووکخانەیە دابنێم، بۆیە داوا لە هـەمـوو نوسـەران و رۆشـنبیران و رۆژنامەوانان و ئەوانەی کە حەزیان لە خوێندنەوەیەو ئەوانەی حەزیان لـە نووسـینە هاوکـاری هـەمـوو ئـەو کتێبخانانە بکەن، هاوکاری هـەمـوو ئـەو کەسـانە بکـەن، کـە بۆچـوونێکی وایـان هـەیـە پەرتووکخانە دروست بکەن، لێرەوەش بە هەموو گەنج و رۆشـنبیران دەڵـێم: هـەر کـەسـێک بیـەوێت پەرتووکخانـەیـەکی گشتی دروسـت بکـات مـن تـا 200 کتێبـی بەدیاری پێشکەش دەکەم.

**پرسیار: لە شۆڕشەکانی کورد کۆمـەڵێـک لـەو کـەسانەی کـە ئێستا بەرپرسن و نمەکی گوندو ناوچـەکـەی ئێـوەیـان کـردووە، ئێـستاش ئاگـاداری بـارودۆخی نەوەک تـەنها رۆشنبیری بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی ئەم ناوچەیە نین دەتەوێت چیان پێ بڵێیت. ؟**

وەڵام: سەرکردە هەرە گەورەکان لـەم ناوچـەیە بوونـە، سـەرکردە گەورەکانی وەکو (مـەلا مستەفـای بارزانی) و کاک (مەسعود بارزانی) و (مام جـەلال تاڵـەبانی) و تـەواوی بزووتنـەوەی کوردی لـەم ناوچـەیە سـەری هـەڵداوە ئـەوان لـە دیلمان و ئـەوانـی تـریش لـە کوێستانەکـانی سـەرشـێخان، ئـەگـەر بۆ ساتێک بە بیر خۆیان بێننەوە کە خەڵکی ئەم ناوچەیە چەندە میوان دۆست بوون، چـەنـدە بـە خۆشـەویـستیەوە پێشوازیان لێکردوون بۆیە داوایان لێ دەکەین پەرتووکمان پێشکەش بکەن.

**پرســـیار: دوا وتـــەت، دوا پەیامت بۆ خوێنەران چییە. ؟**

وەڵام: هیـــوادارم ئێـــوە سـەرکـەوتـوو بـن، زۆر خۆشـحاڵ بـووم کـە ئێـوە سـەردانـی ئـەم شـوێنەتـان کـردووەو بـێ ئـەوەی پێشتر بمناسن، ئەوە گەورەییە هەم بـۆ ئێـوەو هـەمـیش بـۆ ئێمـە کـە دەتانەوێت گوندێکی دوور لە شارو شارۆچکەکان بخـەنە سـەر لاپـەڕەی بڵاوکـراوەکانتـان، خـەڵکـی ئـەم ناوچـەیەش بـە دنیای هونـەر و ئـەو کەسانە شاد بکەن کە حەزیان لـە خوێندنـەوەیە، بۆیە دووبارە هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

**تێبینـی: وێنـەکـە لـەلایـەن کـاک سەروەت محەمەد رەحمانەوە گیراوە.**